

ئاسۆ بیارەیی
2005-12-23 سوێد

# دیموکراتی گەوجە و دادگای چی

لە بەر ئەوەی تا ئێمرۆ بە دادگاکەی ڕژێمی داگیرکەری بەغدا کاردەکرێت و هێشتا یاسا سەرپێیەکانی عێراقی شووم باوی ماوە، عێراقێک کە هەشتا ساڵە زیاتر بە زەبروزەنگ پێکەوە نراوە، عێراقێک کە تەنیا مایەی ئەنفالە بۆ کوردان، هیچ سەیرنییە کە لە لای ئەو هیزانەی کە ئیمڕۆ ئەو وولاتەیان پێکهێناوە، بڕوایان بە دیموکراتی نەبێت و ئەو یاساگەلەیان لا پەسەند بێت کە دەسەڵاتەکەیان بپارێزیت.

سەیرنییە کە دەسەڵاتی کوردی، دکتۆر کەمال و هەزارەهای وەکو ئەو، بە بڕیارێکی بنەماڵە، سەرپێیانە بئاخەنێتە نێو زیندانەوە، چونکە بنەماڵە شێوەیەکە لە شێوەکانی دەسەڵات لە کۆمەڵگەی وادا، سەرروەری سەرۆک لە تێکڕای بنەماڵە پیرۆزترە. لێرەدا سەرۆک شتێکی ڕوحییە و چووەتە خوێنی تاکەکانەوە. جنێودان بە سەرۆک، سوکایەتیکردنە بە پیرۆزییەکانی بنەماڵە. ڕوحی تاکەکان هێندە بەندە بە ڕۆحی سەرۆکەوە، کە ووزەی بیرکردنەوەیان لەبارچووە و ئازادی ئینسانی بوونی خۆیان لە دەستداوە.

کێشەکەی دکتۆر کەمال و داداگای هەولێر، لە بازنەی داخراوی بنەماڵە و سەرۆکی بنەماڵەدا تێپەڕ ناکات. دیموکراتی لە دەروەی یاساکانی بنەماڵەدا، لاڵ و گەوجە. تەنانەت تانەش هەڕەشەیە بۆ سەرروەری سەرۆک و بنەماڵە. بنەماڵە و سەرۆک لە یەکتریدا تواونەتەوە. تاکی ئەو جۆرە کۆمەڵگانە، بێجگە لە دەمی سەرۆکەوە، ڕاستی تر بەدی ناکات و خانەکانی مێشکی بە (ناو)ی سەرۆک پڕبوونەتەوە. تەنها ئەوەندە هۆشیاری هەیە، کە پابەندی ووتەکانی سەرۆک بێت. سەرۆک جڵەوی کۆمەڵگە و بنەماڵەی لە دەستدایە. بەڵام کۆمەڵگە بێدەسەلاتە و بێ بڕیارە لە بەردەم سامی سەرۆک.
کەواتە دەتوانرێت بووترێت کە سەرۆک ڕێگرە لە پێشکەوتنی تاکی کۆمەڵگە دواکەوتووەکان، کە سەرۆکە چارەنووسی بنەماڵە دیاری دەکات. زۆرجاریش بڕیارەکانی بە زیان دەگەڕێنەوە بۆ کۆمەڵگە و بنەماڵە.

لکاندنەوەی باشورری کوردستان بە خاکی عەرەبەوە، 30 ساڵەی شەڕی براکوژی ، یەک نەگرتنەوەی دوو ئیمارەتەکە، هێرشکردنە سەر بنکەی یەکگرتووی ئیسلامی و تەقەکردن لە لاوانی شاری کەلار، بەرجەستەترین نموونەن، کە سەرۆکی بنەماڵە بڕوای بە دیموکراتییەتێک نییە، کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی خۆی بێت. ئەو کارەساتانە و ئەوانی تر، نیشانەی بڕیاری تاکەڕەوی سەرۆکەکانە و گۆێ نەدانە بەبوونی گەل و تاکی کۆمەڵگە.

زۆرکەس کە لە سەردەمی ڕژێمی عۆجەدا زیندانی و ئەشکەنجە دەکران، سیاسی نەبوون، تاوانەکەیان تەنها جنێوێک یا قسەیەکی نەستەق بوو بە سەرۆکی ئومە.

کە دیموکراتی تەنها دروشم بێت و بڕیاری سەرۆک باڵابێت، بێگومان یاساکانی دادگاش بەتاڵ دەبن، چونکە کۆڵەکەی دیموکراتی دەنگی ڕەوای تاکەکانی نێو کۆمەڵگەیە. دەسەلاتی دیموکراتی بڕیاری گەلە. سەرۆک لە کۆمەڵگەی دیموکراتیدا تەنها ڕۆلی کاتی ڕابەرانەی هەیە، نەک هەمیشەیی ڕۆحی و پیرۆز.